# لە گەرمێنەوە بەرەو موکریان

زامدار ئەحمەد

لە گەرمێنەوە بەرەو موکریان

زامدار ئەحمەد

ئەم بابەتانەی لەم کتێبەدا هەیە، تایبەتە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پازدە ڕاپۆرت و بابەتی ڕۆژنامەوانی تێدایە، هەریەکەیان لە کات و ساتی جیاوازدا لە ڕۆژنامەیەکی باشووری کوردستان بڵاوکراوەتەوە. بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە ناساندنی بەشێکە لە جێگا و ناوەند و شوێنەکانی ڕۆژهەڵات، ئاشناکردنە بە کەسایەتییەکانیان، هەروەها دەکرێ بڵێین جۆرێکە لە ڕێنیشاندان و ڕێبەریکردنی گەشتیاران.

**Le germênewe**
**Berew mukiryan**

**Zamdar Ehmed**

بەرگ: ئەنجام انور

# له گەرمێنەوە

# بەرەو موکریان

زامدار ئەحمەد

٢٠٢١

**ناسنامەی کتێب**

کتێب: لە گەرمێنەوە بەرەو موکریان

نووسەر: زامدار ئەحمەد

دیزاینی بەرگ: ئەنجام ئەنوەر

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپی یەکەم: ٢٠٢١

شوێنی چاپ: ناوەندی بڵاوکراوەی سارا، سلێمانی

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٠٦٧)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.

# لە گەرمێنەوە
# بەرەو موکریان

## پێرستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٩ |
| ئاشنابوون بە سیمبولەکانی مهاباد | ١١ |
| ماڵی قازی محەممەد | ٢٥ |
| ئامینەی ماملێ | ٣٧ |
| ناڵەی جودایی هێمن موکریانی | ٤٧ |
| جەژنی بێلندانە لە موکریان | ٥٣ |
| چوارشەممە سووری لە ڕۆژهەڵات | ٥٩ |
| مزگەوتی سوور | ٦٧ |
| مهاباد و شانی کچە کوردەکە | ٧٥ |
| عەزیز شارۆخ | ٨٣ |
| گۆڤاری بەیان | ٨٩ |
| ماڵێک پڕ لە ڕەنگ و تابلۆ و موزیک | ٩٥ |
| پیرشالیار و کۆمسای | ١٠٣ |
| کولتور و ئەدەب و هونەری مەریوان | ١٠٩ |
| گۆڕستانی هونەرمەندانی سنە | ١١٧ |
| مۆزەخانەی بنەماڵەی محەممەد ڕەزاشا | ١٢٧ |

## پێشەکی

ئەم بابەتانەی لەم کتێبەدا هەیە، تایبەتە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پازدە ڕاپۆرت و بابەتی ڕۆژنامەوانی تێدایە، هەریەکەیان لە کات و ساتی جیاوازدا لە ڕۆژنامەیەکی باشووری کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

دەشێ بینین و خوێندنەوە و نووسینەکانی هەریەك لەو بابەتانە لە دیدی کەسێکی ڕۆژهەڵاتییەوە یاخود کەسێکی دی باشووری جیاواز بێ و ئەوان بە جۆرێکی دیکە ببیینن. ئەوەی لە بەردەستە بە چاوێکی گەشتیارانە نووسراوە، ئەو جێگایانەی دیومن و باوەڕم وابووە شیاوی ئەوەیە لە بارەیەوە بنووسرێ لە هەمبەریم نووسیوە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە جێگا و شوێن و ناوەند و کەسایەتی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبووبێ کە شیاوی لەسەر نووسین و باس کردن بێ، لەوانەیە دەرفەتی بینین، یاخود دیتن و لێ وردبوونەوەم نەبووبێ، لەبەرئەوەیە باسم نەکردوون و لێرەدا بوونیان نییە.

بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە ناساندنی بەشێکە لە جێگا و ناوەند و شوێنەکانی ڕۆژهەڵات، ئاشناکردنە بە کەسایەتییەکانیان، هەروەها دەکرێ بڵێین جۆرێکە لە ڕێنیشاندان و ڕێبەریکردنی گەشتیاران.

زامدار ئەحمەد

جۆزەردانی ٢٧٢٠

# ماڵێک بۆ ئاشنابوون بە ڕابردووی سیمبوولەکانی مەهاباد

دەستەیەک لە کوردانی کرماشان لە سابڵاخن، بەکۆبیر و سەرنجەوە لە مۆزەخانەی هێمن موکریانی دەڕوانن و سەیری کەلوپەلەکانی کەسایەتییە دیارەکانی مەهاباد دەکەن. ئەوان دەخوازن، مێژووی پڕشنگداری دەستەبژێرە دیار و فەرهەنگدارەکانی مهاباد بزانن و بچنە ناواخنی ژیانیانەوە و سادەیی زیندەگی ئەو سیمبولانەی ڕۆژهەڵات ببینن. هاوکات دەستەیەك گەشتیاری دیکە لەباشووری کوردستانەوە، سەردانی مەهابادی خاوەن کۆماری کوردستانیان کردووە، مەهابادی پێشکەوتووی ئەدەب و کولتور و فەرهەنگ.

مەهابادی خاوەن (هەژار، هێمن و ماملێ). لەدوای گەیشتنیان بە مەهاباد، ڕووە و گۆڕستانی بوداق سوڵتان ڕۆیشتوون و لەبەرزایی گۆڕستاندا، لەسەر گڵکۆی (سەید محەممەد ئەمین شێخ ئیسلامی کوردی –هێمن- و عەبدولرەحمان شەرەفکەندی –هەژار- و محەممەدی ماملێ و محەممەدی قازی) لایانداوە و

وێنـای یادگاریـیـان گرتـووە و شـیعری (بـە کـوردی دەژیم)ی هـەژاری موکریانیان وتۆتـەوە.

به کــوردی دەژیم به کوردی دەمرم
به کــوردی دەیدەم وەرامی قـەبرم
به کـوردی دیسان زیندوو دەبمەوە
لەو دنیاش بۆ کورد تێ هەڵدەچمەوە

هاوکـات، شـیعری (نـا مـرادێک)ی سـەر مـەزاری هـەژاریان بـە هەسـتێکی حەزینـەوە وتۆتـەوە، کـە دەڵـێ:

له نێو ئـــەم گۆره هــەژار نێژراوە
زۆر لـە ڕێی ئـێوە جـەفای کێشاوە
ژینی خۆی کرده فیدای خۆشی کورد
لـــەرێی ئـازادی به ناکامی مرد
تـــوخوا کاتێ کە ئـــازادیوو سـەند
ڕەگەزی خوێنم ژەکـانو و هــەڵقەند
کـیـژ و کور هـەرچی بـەلاما لادا
پـێم بڵێ و پـــایێ به قـەبرم دادا
ئەی هەژار! بەسیەتی مـردن هەستە
موژده بێ مەوتەنەکـەت سەربەستە

لــه دوای ڕامــان لــه مــەزاری هــەژار، ڕووه و مــەزاری هێمن ڕۆیشتوون و شیعری سەر کێلـی مەزارەکـەیان لەبەرخۆیانەوه وتۆتـەوه که دەڵـێ:

شـــــیوەنی مــــن شیوەنی ئینســـانییه
بـــانگی ئــــازادی و گرۆی یەکسانییه
شـــــیوەنی من شینی کوردی بێ بەشه
ئەو گەلەی لێ حاشا دەکەن لێی و هەشه

ئــەو دەسته گەشتیارە، دەخـوازن زیـاتر لەمـەڕ ئـەو کەسایەتییانـه بزانن، لـەو سەروبەندەدا باسوخواسـی مۆزەخانـەی مامۆستا هێمن دێتـەگۆڕێ و ڕووەو فلکەی مەلاجامی دەکـەونەڕێ و دەچنه مۆزەخانـەی هێمن. ڕۆژانـه کـوردانـی کوردسـتانی باشـوور و بـاکوور و ڕۆژهەڵات ســـــەردانی مۆزەخـــــانه دەکەن و به کەلوپەلەکـــانی شـــاعیران ئاشـــنادەبن، لەپاشـــان لەدەفـــتەری یـــادەوەری مۆزەخـــانەدا، ڕوانـــین و ڕوانگەیـــان بەرانـــبەر بـــه مۆزەخانـــه دەردەبـــڕن و دەیخـەنه سەر پەڕەی تیانووس و بـوونـی ئەو مۆزەیه به کارێکی تاماس دەبینن. ئەڵـبەته بەشێکیان وەک یادگـــاری و پاڵپشـــتی کردنـــی مۆزەخـــانه، وێـــنەی کەســـایەتییه دیارەکـــانی ڕۆژهەڵات و پەیـــکەری

نووسەر و وەرگێر و هونەرمەندان دەکەنە دیاری و کتێب بۆ کتێبخانەکەی دەبەن. لە بنەڕەتدا، ئەو مۆزەخانەیە ماڵ و نشینگەی تایبەتی هێمن موکریانی بووە. لەنێوەڕاستی مۆزەخانە پەیکەرێکی هێمنی لێدانراوە، کە لەلایەن هادی زیائەددینی پەیکەرتاشی سنەیی دروستکراوە. سەردانیکەرانی مۆزەخانە ورد ورد بەنێو مەزەخانەکەدا دەگەڕێن و دەڕوانن. خانووەکە لە پێنج ژوور پێکهاتووە، ژووری دەستە ڕاست تایبەتە بە کەلوپەلەکانی نووسەر و وەرگێر ئەحمەدی قازی، ژووری تەنیشتی کەلوپەلەکانی هونەرمەند محەمەدی ماملێ، ژووری ئەولاتر کەلوپەلی نووسەر و وەرگێر و شاعیر هەژار موکریانییە، ژووری پێش کۆتا، کەلوپەلەکانی هێمن موکریانی و کۆتا ژوور تایبەتە بە کەلوپەلەکانی نووسەر و وەرگێر محەممەدی قازی. ئەو کەلوپەلانە چەپاڵەدراون و لەنێو شووشەدا هەڵگیراون. لەنێوەڕاستی هۆڵەکەشدا، بەشێک لە کەلوپەلەکانی خالید حیسامی "هێدی" شاعیری لێدانراوە، کە بەر لەکۆچکردنی وەک یادگاری پێشکەشی مۆزەخانەی کردووە.

ژووری تــایبەت بە هــێمن، شــاعیری شـیعری "کــوردم ئەمــن"، پێکهــاتووە لە: وێــنەی هــێمن و ئایشــێی هــاوژینی، دوو وێــنەی هــێمن و هەژار بەیەکەوە، چەنـد تــابلۆی هەڵواسـراو لە شـیعرەکانی، بەشێک لەدەستنووســەکانی کە شــیعری "بەرەو ئاســۆ" ســەرپەڕی دەستنووســەکانە، تــاوڵەیەکی داری سـپرتۆکراو بە ســی داش و دوو زاری سـپی چکـۆڵە، قــاپێکی بچــووکی زەردکــراو، گــوێزانێکی ســپی و فلچەیەکی ڕیش تراشینی تبنی، کاتژمێرێکی دەستی ڕەشی نێو پاکەت، سنجاقێکی "قرتە" بۆری سنجاق لەسەرنراو، چەقـۆیەکی سـونتەی ژەنـگ گرتـوو، کـامیراپەکی سالانی حەفتاکـان، سپیکەرێکی شێوە لاکێشەیی ڕەش، تـووتن و پەڕەی جگەرە، چوار دانە فیلتەر "مۆننە"ی جگەرە، تەپڵەکێکی گەورەی سپی، چەرخێکــی شـین، چـرای خوێنـدنەوە، دوو قەڵەمــی ڕەنــگ شــین و زەرد، شــەش دانە مــۆری بچــووکی تـایبەت بە جێبەجێکـردن و ڕایـی کردنـی کارەکـانی ڕۆژانە، چاویلکەیەکی قاوەیی یەکلا دووربین شکاو، چـاویلکەیەکی ڕەشـی یەکـلا مـاوە، قـات و ڕیبـاتێکی ڕەشـی شـیکی هەڵواسـراو، ڕیبـاتێکی ڕەشـی خـاڵاوی

سپی و قاوەیی تێکەڵەی شین، قاتی کوردی کری خۆڵەمیشی، سەرکڵاوەی مەرەزی قاوەیی و سپی و خاکی و ملپێچێکی قاوەیی، کە گشتیان لەنێو چوارچێوەی شووشەدا پارێزراوە. ئەو کەلوپەلە تایبەتییانەی هێمن، لای شیعر دۆستان و شاعیر پەروەران لەنرخی گەوهەردایە، ئەو هێمنەی لە گوندی (لاچین) چاوی بەدونیا کەوت و بوو بە سیمبول، ناوێکی نەمری هەمیشەیی لە هزری خەڵکیدا جێهێشت.

ژووری سێیەمی دەستەڕاستی مۆزەخانە، تایبەتە بە کەلوپەلەکانی هەژاری موکریانی هەرچی پێداویستی و کەلوپەلی هەژار و وەچنگ کەوتووە، لەو ژوورەدا پارێزراوە و لەنێو جامدا هەڵگیراوە و بەبەردەوامی نمایش کراوە و گەشتیاران لە سەیرکردنیان چێژی ڕۆحی وەردەگرن. لەگەڵ چوونە ژوورەوە بۆ نێو دونیای هەژار موکریانی، چەند وێنەیەکی گەورە لە ژوورەکەی هەڵواسراوە، بۆ وێنە: سێ خانم لەسەر مەزاری هەژار دانیشتوون و لەسەری نووسراوە هەژاری نەمر، بەیەکەوە بوونی هەژار و هێمن، هەژار و مەعسوومەی هاوژینی،

هەژار لەکاتی خوێندنەوە، دەگەڵ چەند وێنەیەکی دیکەی هەژار. ژوورەکەی هەژار دەستنووسی شیعری شینی مام هێمن، ئەو شیعرەی هەژار بۆ کۆچی دوایی هێمنی هاوڕێی نووسیوە، لە نێو بۆکسێکی شووشەیی دانراوە و هەڵگیراوە، تەواوی شیعرەکە لە سێ پەڕدا نووسراوە و لەبەرانبەر دەستپێك ڕێککەوتی شیعرەکەی نووسراوە (١٣٦٥/٣/١٧) و بەمشێوەیە شین دەگێڕێ:

کـــاک هێمن برای شیرینم
چـــاوان دەگـێڕم نـاتبینـم
زل کـــوێران دەڵێن مردووە
کـۆچی یـــەکجاری کردووە
دڵـــەی پـــڕ کـوڵی هەژارم
گـیانی بێ ئـــۆقرە و قەرارم
بـــە مـــەرگی تۆ بـاوەڕ ناکا
چـــۆن بێ منی لە توێی خـاکا
تـــۆیەک هـــۆگری منداڵیم
هـاوشکڵی و هاوکرچ و کاڵیم
هـــەمدەمی دەمـــانی لاویـم
تـــــەواو کـاری ناتەواویم

لە کۆتایی شیعرەکەدا هەژار نووسیویەتی (بۆجێت هێشتم هێمن گیان)!
هاوکات، ئەم کەلوپەلانی تێدا هەڵگیراوە: لۆگۆی ڕەشی هەژار، پەیکەری بڕۆنزی زەردباوی هەژار، قووتووی تووتن، تووتن و پەڕەی جگەرەی دەستی، چوار فلتەری جگەرە، فلتەرێکی درێژی ڕەنگ داری، فلتەرێکی بچووکتری ڕەش، دوو فلتەری بچووکی زەرد و سپی، دوو چەرخی قاوەیی و شین، تەسبیحی بەلای ڕەنگ ڕەشداکەوتووی قەزوان، دوو کاتژمێری گیرفان و کاتژمێرێکی دەست، دوو قەڵەمی ڕەش، ڕادیۆیەکی بچووکی ڕەساسی، تەپڵەکی گەورەی زەرداوی جگەرە، مووس مەکینەی ڕیش تاشینی دەستی، مقەستی بچووك، خەنجەری جێدەست ئاوی -ڕوون-، کارتی نیشتیمانی -شوناسنامە-، جامانەی کوردانە، ڕیباتی ڕەشی سووراوی خاڵ خاڵ، نمایش کراون. هاوکات، بەشێك لە کتێبە نووسراو و وەرگێڕاوەکانی هەژار لەنێو کتێبخانە بچووکەکەی ژوورەوە دانراوە. ئەو کتێبەی لە کتێبەکانی دیکە جیاوازە، کتێبی "دیوانی عارفی ربانی شێخ احمدی جزیری مەشهوور بە مەلای جەزیری"ە و هەژاری

شەرحی لێکردووە. هەژار لە ١٣٦٣/١١/١٣ لە کەرەجەوە ئەم کتێبەی بە دیاری بۆ هێمن ناردووە و لە پەڕەی پێشەوەی کتێبەکە بە دەست نووسیوویەتی و پێشکەشی هێمنی کردووە و دەڵێ: تکایە، ئەو دیارییە فەقیرانەم لێ قبوڵ کەی.. بیخوێنەوە.. هەڵی سەنگێنە.. بی قەرسێنە.. تەواوی ئەم نووسینە لەسەر بەردێکی سپی مەڕمەڕی بەهەمان ستایل نووسراوەتەوە و لە ژووری مامۆستا هێمن دانراوە.

ئەو کەسانەی سەردانی مۆزەخانەی هێمن دەکەن، زیاتر تروم کوردن. خانم هاشمی، لە تاران ڕا گەڕاوەتەوە و بەمەبەستی سەردانیکردنی مۆزەخانە لە مهاباد لایداوە. ئەو، بە ڤینەوە لە دەستنووسەکانی هێمن و هەژار ڕادەمێنێ و دەگاتە لوتکەی چێژستان.

ئەو شاعیرانە، پێگە و پلەی باڵای هەیە، شاعیری قەڵەم جوان و ناوازەن، هەمیشە لەگەڵ ناخۆشی و نەهامەتیی و دەردەسەری و کۆڵەوارییەکانی تاکی نێو کۆمەڵگەی کوردیدا ژیاوە و بە شیعر کوڵی دڵ و

ناخی خۆیان دەربڕیوە، بۆ نموونە هێمن لە شیعری "بەهاری زەرد" دەڵێ:

وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم

ئەوە پەت نییە، میدالی ئیفتیخارە

ئەم شیعرە بۆ لەسێدارەدانی لەیلا قاسم نووسراوە، هەروەها بۆ کیژانی مهاباد، دەڵێ:

لەباری، نازەنینی، نەرم و نۆڵی، دڵتەڕی، شادی

لە چاوی بەد بەدوور بی ئەی کچی جوانی مهابادی

لە جوانیدا، لە پاکیدا، نییە هاوتات و نازانم

فریشتەی ئاسمانی یانە پەروەردەی پەریزادی؟

مامۆستا هێمن لەم شیعرەدا بە هەستێکی جوان و پڕ لە عیشقەوە وەسفی کچانی مهابادی دەکا. هاوکات شاعیری کورد مامۆستا هەژار، لەڕێگەی خوێندنەوەی شیعرەکانییەوە ڕۆحییەن ئاسوودە دەبێ، بۆ نموونە لە شیعری (سرود)دا دەڵێ:

وەتەن سوێند بە کێواتی سەر بەرزی تۆ

وەتەن سوێند بە داهاتی سەد تەرزی تۆ

یاخوود لە شیعری (غەزەل)دا دەڵێ:

ئەرێ ئەی کیژە کوردەی چاو کەژاڵە

ئەرێ ئەی شۆخ و شەنگەی چاردە ساڵە

ئەتۆ خۆت کورد و خوێنی لاوی کوردان
بە تـــورکی چاوی مەستت کرد حەواڵە

ئـەو سیمبولانـەی مێژوو بـە ئاسانـی دووبـارە نابنـەوە، ئـەوان تـەنیا یەکن و نـابن بـە دوو. ئـەمانـە مێژوویـان پڕشنگدار کردووە.

ســـەرای هـــێمن (مـــوزەی موفـــاخیری فـەرهـەنگـــی و هـونـەری مهابـاد)، سـاڵـی (٢٠١٢) لـەنێـو خـانووەکـەی هێمن کراوەتـەوە "دەکـەوێتە نێوان فلکـەی مـەلا جامـی و پـــردی یەرغـــوو" لـەلایـەن شـــارەوانی مهابـــاد سەرپەرشـتی دەکـرێ و سـەڵاح پایانیـانـی بـەرپرسـی مۆزەخـانـەیە.

ئـەرکـــی دۆزیـــنەوە و کـــۆکردنـەوە و ڕازانـــدنـەوە و پاراسـتنی کـەلـوپـەلـە بـەنرخـەکـانـی ئـەو مۆزەخـانـەیە لـە ئـەستۆی پایانیانی دابووە، پەیوەندی بـە بنـەمـاڵـە و هـــاوڕێ و دۆســتـە نزیکـەکـــانـی ئـەو کـەسـایـەتییانـە کـردووە، لـەهـەر نــاوچە و شــوێن و گـەڕەک و مـاڵێـکـدا کەلـــوپەلی نـــاوبراوانی لێبـــێ بەدوایـــدا دەڕوا و دەخـــوازێ بـەرەو مۆزەخـــانـەی ببـــا و خـەرمـــانـی کەلوپەلـەکانیـــان بـەرەو زیـــادبوون هـەڵکشـــێ و بیانپـارێزێ. پایـانیـانـی دەگـەڵ سـەرپەرشـتی کـردنـی

مۆزەخـــانە، خـــاوەن پـــڕۆژەی فەرهەنگـــی زارەکـــی موکریانە و ماوەی بیست و پێنج ساڵە سەرقاڵی ئەم کـارەیە و تـا ئێسـتا دوازدە بەرگـی لـە فەرهەنگـی موکریاندا بڵاوکردۆتەوە.